# برووسکەیەک
# بە تەنیشت  شەپۆلێکی "خەوە بەردینەی " سوارەوە

1ی نۆڤێمبەری 1991

**بەکر ئەحمەد**

**بوومەتە دەماری شینی جەستەی زەوی بەبێ من وشک**
**هەرچی دەماری وردیلەی سەر وخواری زەمین هەیە**
**دەرژێتە ناو هەناومەوە و**
**منیش بەرە و شاری هیوا.**
**لە شاخدا ناوییان نام" سیروان"**
**لە  پیدەشتدا بووم بە "دیجلە"**
**لەو لا تریش بووم بە "کەنداو".**
**بەلام هیچ کام لەو ناوانە**
**بەستەی شەپۆلمییان نەگۆڕی**
**بەرەو هیوا**
**بەرە و شاری شادی دەریا، ڕەوتی هەنگاومییان نەگۆڕی.**